


# کێشەی نوێکردنەوەی شیعر:

# کێشی خۆماڵیو رابەرایەتی شیعری نوێ

د.ئازاد عەبدولواحید کەریم

کێشی (هیجا) یان (پەنجە) کێشێکی خۆماڵیی کوردییەو لەسەدەی نۆزدەهەمەوە لەنێوەندی ئەدەبیاتی دیالێکتی (گۆران)ەوە سەری هەڵداوە، کێشەکە جۆرە تایبەتییەکی هەیە لەئەدەبیاتی دەڤەری سەر سنوری عیراقو ئێراندا، هەروەها شێوەیەکە لەشێوەکانی داڕشتنی شیعری، تێیدا کێشی شیعری لەسەر بناغەی (دابەشکردنی بڕگەیی دادەڕێژێت بیٚئەوەی پەنا ببرێتە بەر چوارچێوەی دێڕی شیعری. بەو پێیەش کێشی عەرووزیی کۆن رەت کرایەوە)[1].

کەواتە کێشی بڕگە شێوەیەکی پێشکەوتووترە لەکێشی شیعری کلاسیکی، چونکە بەسووکی کێشەکە کە ناسراوەو ریتمێکی ئاوازداری هەماهەنگییە، هەروەها هەنگاوێکی دیارە لەدەرچوون لەچوارچێوەی تەسکی عەرووزی عەرەبیو رزگارکردنی شیعر لەکێشو سەروا، بەوەش سنوورێکی بۆ فراوانکردنی ناوەرۆکی دانابوو. ئەو کێشەش لەڕێگای شیعری فارسییەوە هاتە نێو شیعری کوردییەوە. بەکارهێنانی (بڕگە) بەپێچەوانەی کێشە عەرووزییەکان کێشێکی خۆماڵییەو زیاتر لەچوارچێوەی هەردوو دەریای (هەزەجو رەمەڵ) دەردەکەوێت. ئەوەش سیمایەکی تایبەتی عەرووزی کێشی شیعری کلاسیکی کوردییە. هەندێك لەڕەخنەگرانی ئەدەب بۆ ئەوە دەچن کە (بڕگە) لەڕێگای دوو دەریای فارسی عەرووزی شیعر (مشاكل–فلعلات، مفاعلین، مفاعلین)و (قریب–مفاعلین مفاعلین فاعلاتن) هاتووەتە نێو شیعری کوردییەوە. کە بڕگە ئاوێتەیەکی تەواوە لەنێوان (مشاكل–قریب)و جاروبار بڕ"ەکانی بەم شێوەیە دەبێت:

مشاكل فاعلاتن مفاعلین مفاعلین×2

ب...... ب...... ب.......

قریب       مفاعلین مفاعلین فاعلاتن×2

ب...... ب...... ب......

جیاوازی لەبەکارهێنانی (بڕگە) لەشیعری کۆنو نوێدا ئەوەیە. کە لەکۆندا شاعیران تەنها دەیانتوانی لەسنوری هەردوو دەریای عەرووزی (هەزەجو ڕەمەڵ) کێشەکە بەکاربهێنن. کەچی شاعیرانی شیعری نوێی کوردی سەربەست بوون لەبەکارهێنانیدا لەمیانەی هەموو دەریاکاندا.

کێشی خۆماڵی خۆی لەخۆیدا (جۆرێکی ترە لەشیعری کوردی نوێ) کە شاعیران لەمیانەی دێڕە شیعرێکدا بڕگەیەکی یەکگرتوویان بەکاردەهێناو بەسەر هەردوو نیوە دێڕەکەدا بەیەکسانی دابەشیان دەکرد. بۆیە وەکو دیاردەیەك دەتوانین ئەو کێشە بەزەمینەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دابنێین. هەر لەو روانگەیەشەوە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دێتە ئاراوە. ئایا کێ ڕابەری نوێکەرەوەی شیعری کوردییە؟ گۆران؟ یان شێخ نوری؟ یان ڕەحمی هەکاری؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت دوو گۆشە نیگا ڕەچاو بکەین:

**یەکەمین:** سەقامگیری (جمود) فۆرمی شیعریو گۆڕینی ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ویستو خواستی نەتەوەییو گۆڕانکارییە جڤاکییەکاندا ڕەوتێکی پەڕەلێلی بگرێتەبەر لەمیکانیزمی گۆڕانکارییەکاندا.

**دووەمیان:** ڕەتکردنەوەی (چاولێکەریی عەرووزەکەی خەلیل)و ئافەریدەنیی کێشێکی تازەیە کە لەبنەڕەتدا تازە نییەو بەڵکو لەئەدەبیاتی گۆران)دا ڕۆژگارێك بەکاردەهێنرا. ئەگەر مەبەست لەپرۆسەی داهێنەری مژدەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەو دوو گۆشەنیگایە سنوورکێش بکرێن. دەبێت کرداری (میکیاژکردنی شیعر) لەئارادا بێت لەڕووی:

**یەك:** هەر ڤاندنو بەزاندنی (فیچۆ)ی شیعرو قاڵبی داڕێژراوی مەنگی نێو دوو نیوە دێڕی یەکسان لەڕووی کێشو سەرواوە. لەگەڵ گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی بەهەموو بنەماو بابەتێکی شیعرییەوە.

**دوو:** زڤڕین بۆ شەر (میراتی کێشی فۆلکلۆریی خۆماڵیی دەبڕگەیی کوردی) کە شاعیرانی دەڤەری (گۆران)و مەولەوی دەیان ساڵ پێش (گۆران)و هاوەڵەکانی کەوتوون.

**سێ:** ناوبەناو کردنی (کێشی خەلیلی)و (کێشی خۆماڵی) لەئامێتەیەکی تازەداو بەرگێکی کوردی بکرێتەبەر.

ئەگەر ئەو پرۆسەی (مکیاژکردنەش) نەشیاو بێت بۆ شیعری کوردی، ئایا دەبێت (گۆران)و (هاوەڵەکانی) چی داهێنانێکی تازەیان کردبێت لەڕووی:

ا.داهێنانێکی تازە لەڕووی فۆرمو ناوەڕۆکێکی (نوێباو–تازە)ەوە، کە کەسیتر لەپێش ئەوانەوە بەکاری نەهێنابێت.

ب.یان جارێکیتر (زەمەن) یان بۆ دواوە گەڕاندەوەو لەخانەقای (مەولەوی) بوون بە(پیری شیعرو شاعیریەت).

ج.یاخود چاویان بڕییە گەنجینەی شیعری تازەی ئەوروپایی ئینتەلاکردووی چوارچێوەی بیرو ڕێبازی نەتەوایەتیی تازە. ئەوەیش لەڕێگای کۆمەڵەی (فەجری ئاتی)یەوە.

بەهەرحاڵ هەر کامێکیان بێت. گرنگ ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییە (تازەکردنەوەیەکی چاولێکەریی بیانی)یە. ئینجا مەسەلەی کێ پێش کێ کەوتووە، دێتەکایەوە. کە ئەویش کۆمەڵێك ئەگەر دەگرێتە خۆی، بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەمان پەنا دەبەینە بەر:

ئەگەری یەکەم: مێژووی دانانی یەکەم شیعرو بلاوکردنەوەیەتی. هەر وەکو چۆن لەئەدەبی عەرەبیدا گەنگەشەیەکی زۆری لەسەر دەکرێت*.

بەلام بۆ بەلگەی مێژوویی. (گۆران) بەزاری خۆی وتوویەتی: (نووسەرو شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی شێخ نووری و رشید نجیب و من، پێکەوە بەئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی. بەلام تەنیا شێخ نوری شیعرەکانی بلاوئەکردەوەو من بلاوم نەئەکردەوە. ئەو لەم بارەیەوە نەشاتی دەرکەوت)[3].

ئەو وتەیە جەخت کردنە لەسەر پاش و پێشیی رابەری تازەکەرەوەی شیعری کوردی. هەر چەندە (هەندێك) لایان وایە (گۆران) لەبەر (تواضع)ی خۆی و بۆ قەدرزانی شێخ نوریی (نەخۆش)! پێی ووتووە سەرۆك. هەر چەندە (تواضع) لەمەسەلەیەکی وا (حساس)دا نییە. چونکە ئاییندەی شیعرو دنیای گۆڕانکاری نوێی تێدا چارەسەر دەکرێت.

ئەگەری دووەم: ئەگەر لەڕووی ئاوەزی رۆشنبیرییەوە بێت. هەرسێکیان تورکییان باش زانیوە. بەلام گۆران نەبێت زیاتر ئینگلیزی زانیوە (ئەوەش زۆر جار لەڕێگای فەرهەنگەوە) بووە. هەروەها شێخ نوری بە(25) ئەلقە بەناوی (ئەدەبیاتی کوردی)یەوە باس لە(تازەکردنەوە)و (قالبی نوێ)و (ناوەرۆك و مەزموون)ی شیعر دەکات، بەلام شێخ نوری نەخۆشییەکەشی کارێکی سایکۆلۆژیی خراپی کردبووە سەر دڵ و دەڕوویی.. بەلام گۆران بەحوکمی ئەندامێتی رێکخراوی ئاشتی هاوکاری عیراقی سەردانی مۆسکۆی کردووە، کەچی سەرباری ئەوەش (سەردەمێك شێخ نوری سەرکردەی لاوەکانی سلەیمانی بووەو تەنانەت (گۆران)یش هەوڵی لاساییکردنەوەی شێخ نوریی ئەدا. بەلام مەسەلە (کێ و کەی؟) نییە، بەلکو (چۆن و بۆچییە؟)، ئەگینا پێش (گۆران و هاوەڵەکانی)، حاجی قادرو پیرەمێردو رەحمی هەکاری پرۆسەی نوێکردنەوەکەیان پراکتیك کردبوو.

<u>**پەراوێز:**</u>

1.قضايا الشعر المعاصر، نازك الملائكة–الطبعة الخامسة، بيروت 1978، ل197.

2.بۆ دەستنیشانکردنی رابەری شیعری نوێی عەرەبی لەعیراقدا (پازدە رۆژ) کە ماوەی نێوان چاپکردنی هەردوو دیوانەکەی (بدر شاکر السیاب)و (نازك الملائکە)ن هاوکێشەی رابەرێتی شیعری نوێی عەرەبی ئاوەژووکردووەتەوەو هەتا ئێستا (جر الحبل) بەردەوامە لەنێوان لایەنگرانی سیاب و ملائکەدا.

3.عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ–گۆران–دا، گۆڤاری بەیان ژمارە (2) ساڵی 1970، ل3.